# ئاگری خۆشەویستییەکی ناکام...



**■ کاتێ گوێبیستی کارەساتە تراژیدیا ئامێزەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دەبین، ئەو تراژیدیایانەی کە زۆربەی جار ئافرەت تیایدا کاراکتەرێکی لاواز و خەسارەتمەندە، رەنگە بیرمان بۆ لای زیندانە تاریکەکان بچێ، یاخود دوا سۆراغی قوربانیانی لە کەند و شیو و گۆڕستانەکان بکەین چونکە دوور نییە لەم حاڵەتانەدا و لە ژێر پەردەی داب و نەریتێکی سواو، وە ئافرەت قوربانی یەك گوللە بکرێ.**
**لێرەدا ئەگەر چی کارێکی ئاسان نییە بتوانین بەسەرهاتی سەرجەم ئافرەتە چەوساوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە پۆلێن بکەین، بەڵام رۆژانە بە دەیان ئافرەت فەریسە ئاسا بە دەستی باوك و برا و مێرد و رۆژگارەوە دەچەوسێندرێنەو.■**

**دیمەنێك لە نەخۆشخانەی سووتان**

لەم دواییەدا بۆ کاری رۆژنامەوانیم سەردانی بەشی سووتانی نەخۆشخانەیەکم کرد ئەو نەخۆشخانەیەی زۆرینەی سووتاوەکانی ئافرەت بوون، (ڤیان) رۆح سووکترینیان بوو، بە بینینم شاگەشکە بوو، ئەگەرچی وەزعی تاڕادەیەك باش بوو، بەڵام رووخساری بە جۆرێ شێوابوو مرۆڤ لە سەیرکردنیدا نیگەران دەبوو، تەنانەت مەمکەکانیشی هەڵقرچابوون و بگرە بە جارێ مێینەیی و جوانی لە دەست دابوو.

**حەزێکی رێپێنەدراو**

(ڤیان) زۆر حەزی دەکرد راستی رووداوی سووتانەکەی بدرکێنێ و باسی دەردی دڵی خۆیم بۆ بکات، بەڵام خوشکەکەی کە هاوەڵی بوو رێگەی پێنەدا قسە بکات و گوتی (ڤیان) بە پریمز سووتاوە.

دواتر هەر چۆنێ بوو (ڤیان) فرسەتێکی پەیدا کرد و ناونیشانی ماڵی باوکی خۆی پێدام و گوتی: زۆر غەریبی کوڕە ساڵەوەختییەکەم دەکەم (٢٠) رۆژ زیاترە نەمبینیوە بۆیە داوات لێدەکەم هەر هیچ نەبێ لە پەنجەرەوە نیشانم بدەن.

منیش بەڵێنم پێدا کە هاوکاری بکەم ئەگەر چی لەگەڵ ئەوەدا نەبووم کە ئەم منداڵە ببرێتە ئەو شوێنە چونکە لەلایەك دیمەنە شێواوەکان لەلایەکی دیکە بۆنی جەستە هەڵکڕوزاوەکان کەسانی گەورە و تەمەنداری هەراسان دەکرد، چ جای منداڵ چۆن بەرگەی ئەو رووبەڕووبوونەوەیە دەگرێ.

ئیدی وەك وەفادارییەك دوای گەڕان و سووڕانێکی زۆر توانیم ماڵەکەیان بدۆزمەوە کە لە یەکێك لە کۆمەڵگە زۆرەملێکانی جاران بوو، بەڵام سەرەڕای ماندووبوونەکەم منداڵەکەم نەبینی، چونکە باوکی بردبویەوە لای خۆی.

**بەسەرهاتی (ڤیان) و خۆسووتاندنەکەی**

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك جارێکی تر بە رێکەوت چاوم بە (ڤیان) کەوت لە یەکێك لە عیادەکانی شار، بە بینینی زۆر دڵخۆش بووم، حەزم کرد چارەنووسی خۆی و کۆرپەکەی بزانم، ئەوە بوو (ڤیان) راشکاوانە و بێ پێچ و پەنا باسی لە هۆکاری خۆسووتانەکەی کرد و گوتی: کە باوکم مرد مامم پەروەردەکردنی ئێمەی گرتە ئەستۆی خۆی ئەرکی لێپرسراوێتی هەڵگرتین، دایکیشم ئافرەتێکی فەقیرحاڵ و

ئا: تارا محەمەد

# .. جەستەی ڤیان هەڵدەقرچێنێ



ڤیان لەنەخۆشخانەی ئێمرجینسی

●●●

**ڤیان: کە خۆشەویستەکەم هاتە داوام، مامم رازی نەبوو مێردی پێبکەم، دواتر بە پیاوێکی (١٨) ساڵ لە خۆم گەورەتری دام!!**

●●●

نەزان بوو نەیتوانی بەشێوەیەکی سەردەمیانە پەروەردەمان بکات و رۆڵی دایکایەتی خۆی ببینێ، تا وامان لێهات لە راپەڕاندنی کاری رۆژانەمان سەربەخۆبین و هەر یەکەمان لەلای خۆمانەوە وازمان لە خوێندن هێنا، کاتێ تەمەنم بوو بە (١٥) ساڵ لەگەڵ کوڕێکی دراوسێمان پەیوەندی خۆشەویستیم بەست دوای چەند مانگێك بەهۆی نەفامی خۆم پەیوەندییەکەم ئاشکرا بوو، دوای ئاشکرابوون هاتنە داوام، بەڵام مامم بە هیچ شێوەیەك بەم کارە رازی نەبوو تەنیا لەبەر ئەوەی پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبوو، پاشان مامم منی دا بە پیاوێك (١٨) ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو، ئەو پیاوە هیچ هەست و سۆزێکی خۆشەویستی لە دڵدا نەبوو بەڵکو وەکو ئاژەڵ رەفتاری لەگەڵ دەکردم پاشان بوومە خاوەنی کوڕێك، سەرەڕای هەموو ئەوانەش پەیوەندیم لەگەڵ ئەو کوڕە هەر مابوو، چونکە هەرگیز نەمدەتوانی لە بیری بکەم.

**ئاشکرابوون لە رێگەی نامەیەکەوە**

رۆژێك نامەی ئەو کوڕەم پێگەیشت شەو کە مێردەکەم لە ماڵ دەرچوو نامەکەم هێنا بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە لە پڕ کارەبا کوژایەوە منیش لە تاریکیدا نامەکەم خستە ژێر ئەو دۆشەکەی کە لەسەری دانیشتبووم، چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی لامپایەك داگیرسێنم لە پڕ مێردەکەم هاتەوە و نامەکەی دۆزیەوە، منیش لە ترسی ئەو نەوتی لامپاکەم بەسەر سەری خۆم داکرد و گوتم خۆم دەسووتێنم، ئەویش گوتی چاوەڕێی چی دەکەی فەرموو ئەوە شقارتە خۆت بسووتێنە، دواتر خۆم لە نەخۆشخانە بینییەوە لەگەڵ ئەوەشدا مێردەکەم هەڕەشەی لێ کردووم کە نابێ راستی رووداوەکە بدرکێنم، ئەوە بوو لە راپۆرتەکەمدا گوتم بە پرێمز سووتاوم، ئێستاش مێردەکەم منداڵەکەی بردۆتەوە لای خۆی و سەردانیشم ناکات، هەرچەندە خەڵکی خێرخواز دوو جار منداڵەکەیان بۆ هێناوم، بەڵام لە بەدبەختی خۆم، منداڵی خۆم و جەرگی خۆم لێم بۆتە دوژمن بەهۆی ناشیرین بوونی شێوە و رووخسارم، ئەو کوڕەی خۆشیشم دەویست پشتی تێکردم، ئێستاش دوای ئەو مەرگەسات و ئازارەی بەسەرمدا هات تەنیا خۆزگەخوازی گەڕانەوەی تاکە رۆڵەکەی خۆمم بۆ نێو باوەشم.